# کاریگەریی بیر و ئەندێشەی چەپ بەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی نێوان ١٩٧٠ – ١٩٧٩

إسماعيل عبد الرحمن سعيد [١]

[١] بەشی مێژوو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوخته**

یەکێك لە کاریگەرترین ئایدولۆژییەکانی سەدەی بیستەم، کە مۆرك و نیشانی خۆی لە زۆر ڕوداوی سەدەی ڕابردوو داوە و بە ملیۆنان کەسی کردە شوێنکەوتوی خۆی، بیری چەپ بوو. هەر بۆیەش بوو بە یەکێك لە بەهێزترین ڕەوتە سیاسی- کۆمەڵایەتییەکانی کومەڵگای مرۆڤایەتی. کۆنفرانسی سێیەم (١٩٧١) ئاشتبوونەوەی "حدك" بوو لەگەڵ بیری چەپ، کە ماوەی نزیك بە دە ساڵ بوو لێی دورکەوتبۆوە: "حدك" بوو بە خاوەن بەرنامە و پێڕەوێکی کۆنکرێت. سیاسەتی ئابوری-کۆمەڵایەتیی گونجاو لە بەرنامەدا گوزاریشتی لە چەپێکی ڕادیکاڵ دەکرد و پێڕەوی نێوخۆش کۆپیی پێڕەوی حیزبە کۆمۆنیستەکان بوو. پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستی بۆ یەکەم جار لە بەرنامەی "حدك"دا وەك ئامانجی دوارۆژ دیاری کرا، باڵی ڕاستی "حدك" بە یەکجاری چووە پەراوێزەوە و کۆتایی بە ململانێی ئەو دوو باڵە هات، کە وەك هێڵێکی سوری ململانێ لە دامەزراندنی (ژ- ك) ەوە بە مێژووی ئەم حیزبەدا تێدەپەڕی. لەوە بەدوا ململانێی فیکری لە نێو "حدك"دا تایبەت بوو بە لایەنگرانی چەپی ڕوسی و چەپی دێموکرات. بونی لایەنگرانی سیاسەتەکانی حیزبی توودە، لەنێو "حدکا" و چالاکی چەندین گروپی مارکسی-لینینی لە کوردستان (١٩٧٩) و گرتنی باڵوێزخانەی ئەمریکا بەهۆی خوێندکارانی ڕادیکاڵ، کەش و هەوای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئەوەندەی تر ڕادیکاڵیزە کرد و ئەمە کاریگەری لەسەر کۆنگرەی چوارەمی "حدکا" ١٩٨٠ دانا کە ئەم حیزبە لە خانەی چەپێکی ڕادیکاڵ جێ بگرێ.

**کلیله وشه:** باڵی ڕاست، چەپڕەو، ح.د.ك ئێران، حیزبی توودە، ڕادیکالیزم

## ١. پێشەکی

یەکێك لە کاریگەرترین ئایدولۆژییەکانی سەدەی بیستەم، کە مۆرك و نیشانی خۆی لە زۆر ڕوداوی سەدەی ڕابردو داوە و بە ملیۆنان کەس شوێنکەوتوی بیری چەپ بوون. هەر بۆیەش بوو بە یەکێك لە بەهێزترین ڕەوتە سیاسی- کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بە جۆرێك لە کۆتایی دەیەی ١٩٨٠دا پانزدە وڵاتی جیهانی بە دانیشتوانی پتر لە ١ ملیار و ٥٥٠ میلیۆن کەس خاوەنی ڕژێمی کومونیستی بون. ئەندێشەی چەپ لە سەرەتا لە ڕێگەی ئەو کۆچبەرە ئێرانییانەی (زۆرتر ئازەری)، کە بۆ کار لە قەفقاس گیرسابونەوە و لەوێ کەوتبونە ژێر کاریگەریی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ڕوسیا (بەلشەڤیك)، گوێزرایەوە بۆ ئێران، کە بە بزاڤی "سۆسیال دێموکراسی" بەناوبانگن و لە شۆڕشی مەشروتەدا چالاك بوون.

کوردستانیش لەم دیاردە گشتگیرە بێبەری نەبو و ئەم ئەندێشەیە لە ڕێگەی جۆراوجۆر وەك: سۆسیال دیموکراتەکان، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی تودە و هاتنی سوپای سور بۆ کوردستان و پشتیوانیی یەکێتیی سۆڤیەت لە کۆماری کوردستان، بە کوردستاندا بڵاوبۆوە. لەوەیرا کە چەپ بانگەشەی بۆ دادپەروەری و نەمانی هەر چەشنە ستەمێك دەکرد، بۆ ڕوناکبیران و تێکۆشەرانی سیاسی کورد کە نەتەوەکەیان زوڵم لێکراو بوو، سەرنج ڕاکێش بوو و پێشوازی لێدەکرا.

هاوسۆزی و سەرسام بونی تێکۆشەرانی سیاسی کورد بە ئەندێشەی چەپ شوێنەواری قوڵی لەسەر ڕەوتە سیاسییەکان و ئاڕاستەی خەبات لەم بەشەی

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان
بەرگی ٢، ژمارە ١ (٢٠١٩)
ڕێککەوتی وەرگرتن ١١ تشرینی یەکەم ٢٠١٨؛ پەسەندکرا لە ڕێککەوتی ١٧ شوبات ٢٠١٩ توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ڕێککەوتی ٢٤ ئایار ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: ismael.abdalrahman@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠١٩ م.ی. **ماسماعیل عبد الرحمن سعید**، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND ٤.٠

Original Article | doi: 10.14500/kujhss.v2n1y2019.pp36-46

کوردستاندا هەبووە، بە تایبەتی لە سەر بە ڕابردووترین حیزبی کوردی ١٩٤٥، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە لە بنەمادا حیزبێکی کۆمونیست یا مارکسی لینینی نییە و بە گشتی حیزبی چین و توێژ، یا ئایدۆلۆژیکی تایبەتیش نەبووە، بەڵکو حیزبێکی نەتەوەییە و ئامانجی سەرەکی دیاریکردنی مافی چارەنوس، بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

بەیاننامەی ١١ی مارسی ١٩٧٠ هەلومەرجێکی لەباری بۆ (حدک) ڕەخساند، لەو پرش و بڵاوییەی کە بە دوای ڕوداوەکانی دەیەی ١٩٦٠ توشی ببو ڕزگاربێ و بوژانەوەیەک بەخۆیەوە ببینێ و لە ئەنجامدا قۆناغێکی نوێ لە ژیانی ئەو حیزبە دەستی پێکرد. ئەم قۆناغە بەتایبەتی لەم بارەیەوە گرینگە کە تێیدا خاوەن تێڕوانینە چەپییەکان بونە باڵادەست و باڵی ڕاستو کە بۆ ماوەی نزیک بە دە ساڵ دەست ڕۆیشتو بو خرایە پەراوێزەوە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ تیشک خستنە سەر کاریگەری بیری چەپ لەسەر ئاڕاستەی سیاسی، ستراکتۆر، ستراتێژی و پرۆگرامی (حدک) لەم قۆناغەدا. لەم توێژینەوەیەدا پشت بە مێتۆدی توێژینەوەی زانستی مێژویی دەبەستین، بۆ ئەوەی لەڕێگەی بەکارهێنانی سەرچاوە مێژوییەکانو بەڵگەنامە باوەڕپێکراوەکان لە ئاکامی توێژینەوەکە نزیک ببینەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی کاریگەری بیرو ئەندێشەی چەپ بەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەماوەی نێوان (١٩٧٠-١٩٧٩)، سێ باسی سەرەکی لەخۆ دەگرێتو هەر باسێک بۆ سەر چەند تەوەر دابەش دەکرێت. باسی یەکەم بۆ دەرچونی بەیاننامەی ١١ی مارسی ١٩٧٠و شوێنەواری لەسەر بوژانەوەی "حدک" دیاریکراوە و بەسەر سێ تەوەر دابەشکراوە: تەوەری یەکەم: باس لە بوژانەوەی "حدک" کراوە لە پاش پرش و بڵاوییەکەی لە دەیەی ١٩٦٠ توشی بو، تەوەری دووهەم: کۆنفرانسی سێیەمو زاڵبوونی بیری چەپی ڕادیکال، باس لە ئەنجامەکانی ئەو کۆنفرانسە دەکا، کە تیایدا باڵی چەپ توانی ڕوانگەکانی خۆی بچەسپێنێ و پێکهێنانی کومەڵێکی سۆسیالیستی بۆ یەکەم جار لە مێژوی "حدك"دا وەك ئامانجی دوارۆژ دیارییکات. تەوەرەری سێیەم: قاسملو لە چەپێکی کورد بۆ کوردێکی چەپ، تیشك خراوەتە سەر ئەو ئاڵوگۆڕە فیکرییەی، کە لە قاسملو دا پێکهات و بەستنی بەست، هۆکار و چۆنییەتی ئەم ئاڵوگۆڕە شیکراوەتەوە. باسی دووهەم تایبەتە بۆ چالاکی ئاشکرای "حدکا" لەدوای شۆڕشی ئێران (١٩٧٩) و دوو تەوەر لەخۆ دەگرێ، تەوەری یەکەم: چالاکی ئاشکرای "حدکا". باسی سەرکەوتنی شۆڕش لە ئێراندا و ڕوخانی حکومەتی حەمەڕەزا شا دەکا، کە لە ئەنجامی ئەم بارودۆخە نوێیەدا "حدك" پاش چارەگە سەدەیەك خەباتی نەهێنی و دورخرانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکی ئاشکرا دەست پێدەکا. تەوەری دووهەم: کۆنگرەی چوارەمی "حدکا" لوتکەی ڕادیکاڵیزمی چەپ، تیایدا تیشک خراوەتە سەر پرۆگرام، هەڵوێست و سیاسەتەکانی پەسندکراوی ئەم کۆنگرەیەی، کە کارتێکەری خاوەن تێڕوانینە چەپە ڕادیکاڵەکانی لە نێو "حدکا"ی بە تەواوی بەسەرەوەیە.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بەچەند سەرچاوەیەک بەستراوە کە گرینگترینیان بریتین لە: عەبدولڕەحمان قاسملوو (مێژوویەکی کورتی ڕێبەرایەتیی "حدکا")، عەبدوڵڵا حەسەنزادە (نیوسەدە تێکۆشان)، هەروەها بیرەوەریو یادداشتەکانی کاراکتێرەکانی حیزبی دێموکرات لەم توێژینەوەیەدا سودیان لێوەرگیراوە بەتایبەتی بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی لە یازدە بەرگدا کە ڕوداوەکانی ژیانی سیاسیی پتر لە نیوسەدەی نوسەر لەخۆ دەگرێو هەروەها گرینگترین سەرچاوەی ئەم توێژینەوەیە ئاڕشیڤی حیزبو ڕێکخراوەکانە، ئەرشیفی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، و حیزبی تودەی ئێران، لە چوارچێوەی ڕاگەیەندراو، بەیاننامە، بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکان (ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیی، بڕیارنامەکان و پەیامەکان)، پێڕەو پرۆگرامی پەسەندکراوی کۆنگرەکان، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، نامیلکە و بڵاوکراوەی ناوخۆیی، هەموو ئەمانە هەم وەك بەڵگەنامەی بڵاوکراوە و هەم وەك سەرچاوەی ڕەسەن زانیاری بە نرخیان بەم توێژینەوەیە بەخشیووە.

## ٢. باسی یەکەم: دەرچونی بەیاننامەی ١١ی مارسی ١٩٧٠ و شوێنەواری لەسەر بوژانەوەی "حدک"

### ٢,١ تەوەری یەکەم: بوژانەوەی "حدک"

حیزبی بەعس بۆ جاری دووهەم لە تەمموزی ١٩٦٨دا بە کۆدێتایەکی دوو قۆناغی دەسەڵاتی گرتەوە دەست و لە بەیانی یەکەمی کودێتادا بەڵێنی بەهێزکردنی پەیوەندیی دابوو لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت، ڕاستییەکەشی دەسەڵاتی بەعس لە سیاسەتی دەرەوەیدا هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندیی ئابوری، سیاسی، دیپلۆماسی، جەنگی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتانی سۆسیالیستیدا و لەو نێوەوەش هەوڵی سەوداکردنی دا، لەگەڵ حیزبی شیوعی و قەومییەکانی عەرەب و هەوڵی چارەسەرکردنی پرسی کوردی دا (ئەمین، ١٩٩٨: ٩٠). لەم پەیوەندییەدا بەعسییەکان و شیوعییەکان بەیەکەوە بەرەیەکی نیشتیمانییان دامەزراند و تا ماوەیەک بەیەکەوە مانەوە (حەمەدئەمین، ٢٠١٠: ١٩٧). لایەنی کوردیش نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان چونە نێو گفتوگۆ لەگەڵ حیزبی بەعسی فەرمانڕەوادا. ئەو گفتوگۆیەی ئەنجامەکەی ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی یازدەی مارسی ١٩٧٠ بوو، کە چارەسەرکردنی ئاشتی و دیموکراسییانەی پرسی کوردی لەسەر بنەمای دانان بە مافی گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا لەبەرچاو گرتبوو (مستەفا، ٢٠٠٧: ٢١٣).

مەسعوود بارزانی کە خۆی بەشداری ئەو گفتوگۆیانە بووە لە بارەی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەڵێ: "بۆ یەکەمین جار لە مێژوی میللەتی کورددا دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری بەهۆی بەڵگەنامەیەکی یاساییەوە، دانی بە مافە سیاسییەکانی گەلی کورد دانا و ئەو بەڵگەیە هەتا هەتایە دەمێنێتەوە، نە دەخرێتە پشتگوێ و نە کەس دەتوانێ بەهای ئەو بڕیارە کەم کاتەوە، کە لەو بەڵگەنامەیە دایە" (بارزانی، ب.س: ٣/٤٤). بڵاوبونەوەی بەیاننامەی ١١ی مارس شەپۆلێک لە خۆشحاڵی و جەژن و شادومانیی نەک هەر لە کوردستان، بەڵکو لە سەرانسەری عێراق ڕێکخخست و کۆمەڵانی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا هێنایە سەر کەیف و شادی و بە تایبەتی ئەندامانی "حدک" لە هەموان پتر بەو ڕوداوە خۆشحال بون و لە هەموان زیاتر شایی یان لە دڵدا دەگەڕا، چونکی لەمپەرەکانی سەر ڕێگای تێکۆشانییان وەلادەنران و دەرفەت بۆ تێکۆشان و هەڵسوڕانییان بۆ دەرخساند (حەسەنزادە، ١٩٩٧: ٥٨).

بارودۆخی "حدك" لە دوای شکانی ڕاپەڕینی ١٩٦٧- ١٩٦٨ و کوژرانی پۆلێك لە سەرکردەکانی بە تەواوی قەیرانی ببوو، کاریگەریی سایکۆلۆژیی ئەم تێکشکانە بەم زوانە نەدەڕەوێوە، کادر و ئەندامانی لە باشوری کوردستان بەسەر چەند دەستەدا بەش ببون و هەر کامەیان لە ناوچەیەك جێگیر بون (پێشناز:٢٠١٢، ٢٣٦-٢٣٨). پێکهێنانی (کۆنفرانسی دووەم) لە ساڵی (١٩٦٩) یش نەیتوانیبوو

چارەسـەری دۆخی نێوخۆی "حدك" بكا (قازی،٢٠١٠: ١٩٩)، هەر بۆیە لە كۆبونەوەی بەرفراوانی كادر و ئەندامانی ڕێبەری بڕیار دەدەن و داوا لە قاسملو دەكەن، كە بگەڕێتەوە و كۆمیتەی ناوەندی لە هەموو كاروباری حیزبیدا پرسی پێ بكا، تا دەگەنە كۆنگرە یا كۆنفرانسێك (حەسەنزادە،١٩٩٧: ٦١).

قاسملو كە هەم داوای لێدەكرێ بۆ گەڕانەوە بۆ كوردستـان و هەم هەلومەرجی پاش ١١ی مارس هەلی تێكۆشان و چالاكیی نوێی ڕەخساندبو، دەگەڕێتەوە بۆ كوردستان و پاش وتوێژ لەگەڵ ڕێبەریی "حدك" لە باشـوری كوردسـتان لەسـەر پێكهێنانی كۆمیتەیەكی كاتیی سـەركردایەتی "حدك" تا بەسـتی كۆنفرانسێك ڕێك دەكەون. ئەم كۆمیتەیە بریتی بوو لە ٨ كەس. بە پێشـنیاز و پێداگریی قاسملو كەریم حیسـامی، حـەمـەدەمین سـیراجی و یوسـف ڕیزوانی دەبنـە ئـەندامی ئـەم كۆمیتـەیـە (حیسـامی،١٩٩٧: ٢١٢- ٢١٤) . هاتنی ئەم سـێ كەسـە بۆ نێو كومیتەی كاتیی سـەركردایەتی، كە خاوەن تێڕوانینی چەپ بون بە یەكگرتنەوە لەگەڵ قاسملو، سـازان و تەوافوقی باڵی چەپ و ڕاستی (ناسیۆنالیست) نێو "حدك" بوو.

بەیانی ١١ی مارس هەلومەرجێكی لەباری بۆ "حدك" ڕەخسـاند، كە لەو پرش و بڵاوییە ڕزگاری بێ، بە جۆرێك كە تەنانەت خاوەن تێڕوانینە ناكۆكەكانیش (چەپ و ڕاسـت) پێكەوە بحەوێنەوە، "حدك" بوژانەوەیەك بە خۆیەوە ببینێ و قۆناغی نوێ لە خەبات و تێكۆشان دەست پێ بكا.

### ٢,٢ تەوەری دووەم: كۆنفرانسی سێیەم و زاڵبوونی بیری چەپ

بارەی ئامانجی كۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری ڕێكخراوەكەی و بە شـێوازی دیاریكراو و بە وردی سیاسەت و بەرنامەی خۆی بۆ وێنە لە بوارە جۆراوجۆرەكانی وەك: پیشەسازی، كشتوكاڵ، قەوارەی دەسەڵات، پرسی نەتەوەیی و كۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی و هتد شی بكاتەوە.

لە پێشەكی ئەو بەرنامەیەدا "حدك" تێڕوانینی خۆی بەمشێوەیە بۆ نیشانە و تایبەتمەندییەكانی جیهان و قۆناغی ئەو سەردەمە دەخاتە ڕو. "سەردەمی ئێمە سەردەمی نەتەوەكانی زوڵم لێكراو و ژێردەستەی ئیمپریالیزمە، قۆناغی لاوازیی بەرەی ئیمپریالیستی لە سەرانسەری جیهان و سەردەمی دەركەوتن و بەرفراوانبونی سۆسیالیزم و بەرەوپێشچونی هێزەكانی دیموكراتیك و ئازادیخوازە لە سەرانسەری جیهاندا"[١] (بەڵگەنامە، ١٣٥٠: ٥)، كە هەمان بۆچونی حیزبە كۆمونیستەكانی لایەنگری یەكیەتیی سۆڤیەتە.

هەر لەو بەشەدا بە كەڵك وەرگرتن لە چەمك گەلێكی وەك ئیمپریالیزم، كۆلۆنیالیزمی كۆن، بەرەی دژی ئیمپریالیستی، فیودال، بورژوازی، چین، سەرمایەداری، پێویستی مێژوویی و...هتد، لە چوارچێوەی ڕوانگەی ماركسییەوە پەیوەندیی نایەكسانی ناوەند و پەراوێز هەڵدەسەنگێندرێ[٢] هەروەها لە پێشەكیدا باس لە بەرەیەكی بەربڵاوی دژە ئیمپرالیستی دەكرێ كە پێكهاتووە لە وڵاتانی سۆسیالیستی و دیموكرات، وڵاتانێك كە تازە ڕزگاركراون و ئەو نەتەوانەی، كە لە قۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازیدان، كە بە پشتیوانی بیروڕای گشتی جیهانی پێشكەوتوو، بووە فاكتەرێكی گرنگ لە سیاسەتی جیهاندا (بەڵگەنامە، ١٣٥٠، ٧). پێكهاتنی بەرەیەكی دژە ئیمپریالیستی لەو هێزانە بیرۆكەیەك بوو لە ساڵی ١٩٦٩ لە بەڵگەنامەی سەرەكیی كونفرانسی نێونەتەوەیی حیزبە كۆمۆنیست و كرێكارییەكاندا هاتووە[٣].

فەسڵی یەكەمی بەرنامەكە ئامانجە گشتییەكان لە خۆ دەگرێ و لە چوار خاڵدا فورمەلە كراوە لە یەكەم ماددەدا "حدك" خۆی وەك حیزبی پێشـڕەو پێناسـە دەكا[٤]. سـەفەتی پێشـڕەو یا (ئاڤانگارد)، لینێن ڕێبەری شـۆڕشی سـۆسـیالیسـتی ڕوسـیە، بۆ حیزبی پرۆلیتاری داهێنا (لاوئیسـك: ١٣٦٤، ١١) و بەپێی ئەو تیۆرە پێشـڕەو تاقمێكی ڕۆشـنبیرە، كە لە ئامانجەكان و ڕەوتی مێژو لە گروپەكانی دیكە باشـتر تێگەیشـتووە و دەتوانێ بە ناوی خەڵك پێشـخەری پرۆسـەی ئاڵوگۆڕەكان بێ كە سـەرەڕای ئەوەش ئامانجی كۆتایی گەشەكردنی مێژوییە (كارلسۆن و لینداگرین، ٢٠١٠: ٤٩).

"حدك" ئامانجی دوارۆژی خۆی لەم بەشەی بەرنامەدا (ئامانجە گشتییەكان) دیاری كردووە، كە بریتییە لە پێكهێنانی كۆمەڵێكی دادپەروەرانەی سۆسیالیستی[٥]. ئەوە بۆ یەكەم جارە كە حیزبێكی كوردی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان و خودی "حدك"یش بە ڕاشكاوی لە بەرنامەكەی خۆیدا باس لە پێكهێنانی كومەڵگەیەكی سۆسیالیستی بكا. ئەم پرۆژەیە لە هەڵوێستی باڵی چەپی حیزبەوە سەرچاوەی دەگرت، كە بە تازەیی لەگەڵ باڵی ناسیونالیستی "حدك" لەسەر زیندوكردنەوە و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی حیزب ڕێككەوتبون، ئەم ئاشتبونەوەی "حدك" لەگەڵ ئەندێشەی چەپدا، كە نزیك بە دە ساڵ بو لێی دوركەوتبووەوە، ئەمە بە مانای ڕەتكردنەوەی سیستەمی سەرمایەدارییە و بەم جۆرە "حدك" ڕێبازی خۆی لەگەڵ ئەو هێز و لایەنانە ڕون دەكاتەوە كە لایەنگری و پێڕەوی لە سیستەمی ئابوریی بازاڕی ئازاد و خاوەنداریەتیی تایبەتی دەكەن. ئەم سۆسیالیزمەی كە "حدك" لە دوارۆژدا بونیادی دەنێ دادپەروەرانەیە و ئەوە بە مانای ئەوە دێ كە "سۆسیالیزمی موجود" واتە ئەو سۆسیالیزمەی كە لە وڵاتانی سۆسیالیستی دامەزراوە لانیكەم لە ڕوی سیاسیەوە (دیموكراسی و ئازادی) دادپەروەریی تێدا ڕەچاو نەكراوە و لەم بارەیەوە كەموكوڕی هەیە.

بەرنامەی "حدك" لە بەشی سیاسەتی ئابوری- كۆمەڵایەتیدا، پێداگری دەكا، لەسەر: "بە پێشەسازیكردنی وڵات و بە ڕێگای سەرەكیی پێشكەوتنی ئابوری داناوە لەسەر بنەمای ئەو دەسكەوتە مەزنانە، كە پێشكەوتنی زانست و تیكنیك لە جیهاندا بە دەستی هێناون و لە هەمانكاتدا بەشی گشتیی ئابوری، بەشی بنەڕەتی بۆ پێشكەوتنی ئابورییە و لە تەنیشت بەشی گشتیی ئابوری، بەشی هەرەوەزی و ئینجا بەشی تایبەتی لە پیشەسازی بەشدار دەبن" (بەڵگەنامە، ١٩٧١: ١٩، ٢٠) بەو پێیە كەرتی گشتی یا كەرتی دەوڵەتی لە ئابوریی وڵاتدا كە بە سەرمایەی دەوڵەت بەڕێدەكرێت، پشكی سەرەكی و هەرە زۆری لە پێشەسازی وڵاتدا پێ دەبرێ و كەرتی تایبەتی كەمترین پشكی پێ دەبرێ لە دوای بەشی هەرەوەزی. سیاسەتی ئابوریی "حدك" هەمان ستراتیژی پەرەسەندنی ئابوری بوو، كە لە یەكێتی سۆڤیەت بەڕێوەچوو، كە پێداگیری لەسەر پێشەسازی خێرا دەكرا، بە نرخی پاڵەپەستۆ بۆ سەر بەشی كشتوكاڵ (اقبالی، ٢٠٠٢: ١٧٩)[٦] ، لایەنگرانی قوتابخانەی سۆسیالیزم ئەو ڕۆڵە بە دەوڵەتان ڕەوا دەبینن، لە دەستێوەردانی هەمە لایەنە یا ڕۆڵی تەنیا كارگێری سیستەمی ئابوری لە دەوڵەتدا، بە پێچەوانەی ئابوریناسانی سیستەمی سەرمایەداری، كە بە هیچ جۆرە لایەنگری دەستێوەردانی دەوڵەتلە ئابووریدا نەبون، بەڵكو ئەركی دیكە بۆ دەوڵەت دیاری دەكەن وەك: بەڕێوەبردنی نەزم و یاسا و بەتایبەتی یاسای خاوەنداریەتی و دامەزراندنی ئاسانكاریی گشتی و دەسەڵات (اقبالی، ١٣٨١: ١٨٤).

لە درێژەی سیاسەتی ئابوری- كۆمەڵایەتیدا بەرنامەی "حدك" سیاسەتی خۆی بەرامبەر سەرچاوە ژێر زەوییەكان و ئاو و لێرەوارو لەوەڕگەكان ڕون كردۆتەوە و هەموان بە ملكی گشتی دەردێنێ، واتە دەكرێنە ملكی دەوڵەت و بۆ قازانجی خەڵك و بۆ پێشخستنی وڵات كەڵكیان لێ وەردەگیرێ (بەڵگەنامەكان، ١٩٧١: ٣٠)، واتە بە پێچەوانەی سەردەمی دەرەبەگایەتی كە بۆ قازانجی تایبەتی كەڵكیان لێ وەردەگیرا. هەروەها ئاوڕی لە باشتركردنی دۆخی ژیانی چین و توێژە زەحمەتكێش و چەوساوەكانی كۆمەڵگە داوەتەوە بە جۆرێك كە بردنەسەرێی پلەی ژیانی خەڵك بە تایبەتی

زەحمەتکێشانی کوردستان بە نێوەڕۆکی سیاسەتی ئابوریی حکومەتی کوردستان دادەنێ و لەم پەیوەندییەدا بنەمای ٤٠ ساعەت کار لە حەفتەیەکدا و کەمکردنەوەی کاری ئەو کرێکارانەی کە کاری دژوار دەکەن و بیمەکردنییان بەرامبەر بە پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و پەککەوتەیی و پیری، لەبەرچاو گیراوە (بەڵگەنامەکان، ١٩٧١: ٢١).

بۆ چارەسەری مەسەلەی زەوی و زار کە یەکێك لە کێشە ئاڵۆز و گرنگەکانی ئەو کۆمەڵگەیانەیە کە هێشتا پاشماوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی تیایاندا بونی هەیە و زۆربەی دانیشتوانی لە گوندەکان دەژین و لە خاوەنداریەتی زەوی بێ بەشن و یەك لەو کۆمەڵگەیانە کوردستانی ئەو قۆناغ و سەردەمەیە، "حدك" فورمولی "زەوی هی ئەو کەسەیە کە کاری لەسەر دەکا"ی لە بەرنامەی خۆیدا گونجاند (بەڵگەنامەکان، ١٩٧١: ٢١)، و پێی وایە دەبێ لە شێوەی خاوەنداریەتی زەویدا ئاڵوگۆڕی گرینگ بە قازانجی گوندنشینانی زەحمەتکێش و بێ زەوی ڕوبدا. بە پێی فۆڕموڵی زەوی هی ئەو کەسەیە کە کاری لەسەر دەکا نەك ئەو کەسەی کە دەیکێڵێ، واتە زەوی بدرێ بەو کەسەی کە خۆی ڕاستەوخۆ کاری تێدا دەکا و بەناویدەینێ، نەك ئەوە کە کەسێکی سەرمایەدار هەزاران دۆنم زەوی بۆخۆی پاوان بکا، بە ئامرازی کشتوکاڵی بەناوی بێنێ و سودێکی زۆری لێ بەدەست بێنێ، بێ ئەوەی خۆی پێوەماندو کردبێ. لە بەرنامەی زۆربەی حیزبە کۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتانەی کە لەگەڵ کێشەی زەوی و زار بەرەو ڕون و یەك لەوان حیزبی تودەی ئێران، هەمان فۆرمۆلی "زەوی هی ئەو کەسەی کە کاری لەسەر دەکا، بۆ چارەسەرەی کێشەی زەوی و زار ڕەچاو کراوە" (آبراهامیان، ١٣٨٣: ٥٦١).

پێڕەوی نیوخۆی پەسەندکراوی کۆنفرانسی سێیەم لە ماددەی یەکەمدا کە باس لە ناو و نێوەڕۆکی حیزب دەکا، "حدك" بە حیزبی شۆڕشگێری گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کە بەتایبەتی کرێکاران، جوتیاران و ڕوناکبیرانی شۆڕشگێر لە ڕیزی خۆیدا کۆدەکاتەوە، پێناسە دەکا (بەڵگەنامەکان، ١٩٧١: ٢٥)، واتە "حدك" حیزبێکی ڕیفۆرمست نییە و باوەڕی بە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە هەمو بوارەکانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و کولتوری لە کۆمەڵ دایە و بەتایبەتی سێ چینی کرێکار، جوتیار و ڕوناکبیرانی شۆڕشگێر لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە، ئەو سێ چینەی کە بەپێی بیردۆزی مارکسییەکان لە قۆناغی دامەزراندنی سۆسیالیزمدا تەنیا ئەو سێ چینە دەمێننەوە و ئەم سێ چینە دەتوانن کۆمەڵگە بەرەو قۆناغی سەروی سۆسیالیستی واتە کۆمۆنیستی بەرن (طبری: ١٣٥٨: ٨٤) (نیک آیین،١٣٥٩: ١٧٢) .

لە هەمان ماددەی پێڕەوی نێوخۆدا هاتووە "حدك" لە تێکۆشانی سیاسیی خۆیدا لە تیۆری زانستی پەرئەستاندنی کۆمەڵ پەیڕەوی دەکا (بەڵگەنامەکان، ١٩٧١: ٢٥)، ئەم تیۆرییە لە سەر فەلسەفەی جەبرگرایی(determinism) ی مارکسی دامەزراوە، واتە ئەو ڕوانگەیەی کە پەرەئەستاندن بە پێی یاساکان بەرێوەدەچن و هەر بۆیە هیچ شوێنێك بۆ گفتوگۆ نامێنێ (کارلسۆن و لینداگرین ، ٢٠١٠: ٤٩) و بەپێی ئەو یاسایانە و فەلسەفەی مارکسی بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵ مێژوی مرۆڤایەتی پێنج فۆرماسیۆنی ئابوری- کۆمەڵایەتیی بەخۆوە بینیوە، کە بەدوای یەکدا شوێنی یەکتریان گرتۆتەوە کە بریتین لە کۆمونی سەرەتایی، کویلایەتی، دەرەبەگایەتی، سەرمایەداری و کۆمۆنیزم (نیک آیین، ١٩٨٠: ٨٥). کە وابو بمانەوێ و نەمانەوێ دوا مەنزڵی هەمو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و یەك لەوان کۆمەڵی کوردەواری گەیشتن بە قۆناغی سۆسیالیستییە (کۆمۆنیزم) .

پێڕەوی نێوەخۆ و بناخەی قەوارەی ڕێکخستنی حیزب لەسەر بنەمای "سانترالیزمی دیموکراتیك" دادەڕێژرێ.[7] داهێنەری بیرۆکەیە (لینین[8])، ڕێبەری شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆسیالیستیی ١٩١٧ لە ڕوسیە بوو. هەر بۆیە بە یەکێك لە بنەماکانی بیروباوەڕی لێنینی دادەنرێ وەك بنەمایەکی ڕێکخراوەیی لە هەمو حیزبە کۆمۆنیستەکان بەکاردەهێندرێ (آشوری، ١٣٥٨ : ١٩٥) لە هەندێك تایبەتمەندی دیکەی ڕێکخراوەییدا وەك: شانە (بناخەی ڕێکخراوی حیزب)، کۆمیتە، کۆمیتەی ناوچە، کۆمیتەی گەڕەك، کۆمیتەی شار (بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکانی حیزب) و کۆمیتەی ناوەندی، بوروی سیاسی و سکرتێری گشتی (سەرکردایەتی و کارگێڕانی حیزب) و پێکهێنانی کونفرانس و کۆنگرە (بەرزترین ئورگانی حیزبی) (بەڵگەنامەکان، ١٩٧١: ٢٩ تا ٣٢) بەهەمان شێوە کە لە پێڕەوی نێوخۆی حیزب بە چەپ و کۆمۆنیستەکاندا هاتووە لە پێڕەوی ناوەخۆ "حدك"یشدا ڕەچاو کراون و ستراکتۆری ڕێکخستنی حیزبیان لەسەر دامەزراوە (لاوئیسك، ١٩٨٥: ٢٣).

ڕێککەوتننامەی ١١ی مارسی ساڵی ١٩٧٠ لە نێوان دەوڵەتی عێراق و بزوتنەوەی کورد شوێنەواری دیاریکراوی لەسەر ڕوداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو. ئەو ڕێککەوتنە بوبە هۆی پێکهێنانی هەلومەرجێکی لەبار بۆ چالاکیی "حدك" و سەر لەنوێ وەسەرڕێککەوتنەوەی ئەندامانی پرش و بڵاوی ئەم حیزبە و خۆ ڕێکخستنەوە. کۆنفرانسی سێیەم نوختە خاڵێکی وەچەرخانی گرنگی مێژوویی "حدك" بو، لەم کۆنفرانسەدا باڵی چەپ، کە ماوەی نزیك بە دە ساڵ لە پەراوێزدا بوو، توانی بەهێز ببێتەوە و ڕوانگە و بۆچونەکانی خۆی لەو کۆنفرانسەدا بچەسپێنێ. ئەگەر سەرکەوتنی باڵی ڕاست لە کۆنگرەی دووەمدا ئاوێتە بە کەڵك وەرگرتن لە ئەهرۆمی دەسەڵات و میتۆدی دەرکردن بوو، لە کۆنفرانسی سێیەمدا سەرکەوتنی باڵی چەپ بۆ هەژاریی کەسایەتی و فیکریی باڵی ڕاست و بە پێچەوانە کەسایەتیی خاوەن ئۆتوریتەی باڵی چەپ دەگەڕێتەوە، کە توانییان هەژموونیی فیکری خۆیان بچەسپێنن[9].

لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٥٢ (١٩٧٣ز) بە بەشداریی ٤٩ ئەندام کونگرەی سێیەمی "حدك" لە شاری بەغدا پێکهات. کۆنگرە هەمان بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی و دروشم و پڕەنسیپەکانی پەسەندکراوی کۆنفرانسی سێیەمی پەسەند کردەوە و بێجگە لە ئاڵوگۆڕ لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب کە چەند کەسێکی دیکەی پێ زیاد بوو، ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ پێك نەهات. لە ڕاستیدا کۆنگرە بۆ ئەوە بەسترا کە هەموو ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆی حیزب و هەموو هەنگاوەکانی کۆنفرانس بارێکی شەرعی و ئوسولی بە خۆیانەوە بگرن (حەسەنزادە، ١٩٩٧: ٧٩). شایانی باسە لە هەر دوو کۆنفرانس و کۆنگرەدا عەبدولڕەحمان قاسملو بە سکرتێری "حدك" هەڵبژێردرا (مەحموود،٢٠٠٧: ٨٥). قاسملو تا ئەو کاتەی لە ژیاندا ما ئەم پۆستەی بەدەستەوە بوو.

لە کۆنگرەی سێیەمدا پەسەندکردنی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی "حدك" لە کۆنفرانسی سێیەمدا کە گوزارشتی لە بەرنامەیەکی چەپ و ڕادیکاڵ دەکرد، نیشانەی زاڵبونی خاوەن تێڕوانینە چەپەکان لە نێو "حدك"دا بوو. ئەم زاڵبونە تا کۆنگرەی نۆهەم (١٩٩١) درێژەی هەیە. باڵی ڕاست لەم ماوەیەدا نەتەنیا نەیتوانی شوێن بە پێگەی باڵی چەپ لێژ بکا، بەڵکو بە لاوازی و لە پەراوێزدا مایەوە و ململانێیی فکری زۆرتر لە نێوان لایەنگرانی چەپی ڕادیکاڵ و چەپی میانەدا بوو. ئەم ئاڵوگۆڕە کەمەش کە لە بەرنامە و پێڕەوەدا لە کۆنگرەکانی دیکەدا کران زۆرتر پەیوەندیی بەم ململانێیەوە هەبوو و بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی پەسەندکراوی کۆنفرانسی سێیەم لە چوارچێوەی گشتیدا وەك خۆی دەمایەوە.

## ٢,٣ تەوەری سێیەم: قاسملو لە چەپێکی کورد بۆ کوردێکی چەپ

بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی "حدك" وەك دەستوری هەرحیزبێك، پێناسەیەکی نوێی بەم حیزبە بەخشی. ئەرکی دانانی گەڵاڵەی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ لەساڵی (١٩٧١) بە قاسملو دەسپێردرێ. حیسامی لەمبارەیەوە دەڵێ: "دانان و ئامادەکردنی گەڵاڵەی پێڕەو و پڕۆگرام بە قاسملو ئەسپێردرا و لە ڕاستیدا ئەنجامدانی ئەم ئەرکە هەر لە دەست ئەو هاتووە، چونکە ئەوانی دیکە هیچیان ئەهلی نوسین و بیر و دانانی پێڕەو پڕۆگرام نەبون. قاسملو گەڕایەوە بۆ چیکۆسلۆڤاکی و خەریکی ئامادەکردن و پێڕەوپڕۆگرام بوو (حیسامی،١٩٩٧: ٢١٥).

بەرنامەی نوێی "حدك" لە سەر چارەسەرکردنی دوو پرسی گرینگ داڕێژرابوو، چارەسەریي پرسی نەتەوەیي و دابینکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، کە بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیي "خودموختاری بۆ کوردستان" و بۆ دابینکردنی دادپەروەریي کۆمەڵایەتی "سۆسیالیزم" دیاری دەکات، بەڵام پرسی نەتەوەیي پێ پرسی سەرەکی و بنەڕەتی کوردستانە و چارەسەری ئەم پرسە بەلایەوە لە ئەولەویەت دایە و ئەمە لە ماددەی یەکەمی ئامانجە گشتییەکاندا ڕەنگی داوەتەوە (بەڵگەنامە، ١٣٥٠: ١٦)، بەم جۆرە بەلای نوسەری بەرنامە، کێشەی چینایەتی لە کوردستان کێشەی بنەڕەتی نییە و پرسی نەتەوایەتی لە کاناڵی خەباتی چینایەتی تێ ناپەڕێ و ناکۆکیي نێوان کار و سەرمایە بە ناکۆکی سەرەکیي کۆمەڵگەی کوردستان دانانێ.

ئەم تێڕوانینە نوێیەی قاسملو بەو مانایە بوو، کە ئەو ماڵئاوایی لە میتافیزیکی کۆمۆنیزم کردووە، میتافیزیکی کۆمۆنیزم کێشەی چینایەتی وەك پرسی بنەڕەتی هەمو ڕاڤەکردنێکی سیاسی بەکاردەهێنن و پرسەکانی دیکە وەك پرسی نەتەوەیي، ژنان، کولتور و ڕەگەز، تەنانەت بونیان بە شێوازی نیوە سەربەخۆش لە لێکدانەوەی مارکسیدا وەلانراون (وەلی، ١٣٨٣: ٧٤).

قاسملو لە قۆناغێکی ژیانی سیاسیدا (١٩٤٨- ١٩٧١) وەك چەپێکی کورد پێناسە دەکرا، واتە پرسە چینایەتییەکان بۆ ئەو گرینگیي سەرەکییان هەیە و وەك مارکسییەك، کە چین و بەرژەوەندیي چینایەتی لە سەروی نەتەوە و بەرژەوەندیي نەتەوەیي دادەنێن بیری دەکردەوە. بەڵام لەمە بەدواوە وەك کوردێکی چەپ پێناسە دەکرێ چون بۆ ئەو پرسی نەتەوەیي لە سەروی هەمو پرسەکانی کومەڵی کوردەوارییەوە و دواتر پرسە چینایەتییەکان، ئەوە بەو مانایە نییە کە پرسی چینایەتیي پشت گوێ خستبێ، قاسملو لە نامیلکەی کورتەباسێك لە سۆسیالیزمدا، لەم بارەیەوە دەڵێ: "ئەو حیزبەی زیاتر بە گیروگرفتەکانی نەتەوەیي بایەخ دەدا و مەسەلەکانی کۆمەڵایەتی کەم و زیاد لە بیر دەباتەوە و چ ئەو حیزبەی تەنیا مەسەلەی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو دەگرێ و پرسی نەتەوەیي گەلی کورد کە لەم قۆناغەدا پرسێکی بنەڕەتییە لە بیر دەباتەوە یان بایەخی کەمتری بۆ دادەنێ ناتوانن لە قۆناغی ئێستای خەباتدا بەڕێوەبەرایەتیي جوڵانەوەی گەلی کورد بەدەست بگرن و بیگەیەننە پلەی ئاخری سەرکەوتن" (قاسملوو، ١٩٨٣: ٢).

پاش ئەوەی قاسملو بە ناچاری کوردستان جێ دەهێڵێ (١٩٦٠) و لە ئوروپای ڕۆژهەڵات (چیکۆسلڤاکیا) جێگیر دەبێ، لە دەرونەوە و لە نیزیکەوە شاهیدی تێڕوانینی ناسیونالیستیي زۆربەی (نزیك بە تەواوی) ڕێبەرانی بە ڕەگەز فارسی حیزبی تودە، بەرامبەر پرسی نەتەوەیي و هەوڵدان بۆ بە "فیرقە" کردنی "حدك" دەبێ لەکاتێکدا لە بنەڕەتدا نابێ ڕێکخراوێکی چەپ کە ئایدۆلۆژیای مارکسی- لینینی هەیە خاوەن ئەم تێڕوانینە ناسیۆنالیستانە بێ، ئەمە کاریگەریي لەسەر ئاڵوگۆڕی فیکری قاسملو هەبوو.

قاسملو لەم قۆناغەدا بەردەوام لەسەر پرسی کورد و سەرنجنەدانی ڕێبەرایەتیي حیزبی تودە بەم پرسە لە کێشە و ناکۆکیدا بوو و ئەمە لە نامەیەکی کە قاسملو بۆ کەریم حیسامی نوسیویەتی بە ئاشکرا دەردەکەوێ، کە لە هەڵوێستی ڕێبەرانی حیزبی تودە بەرامبەر بە پرسی کورد ناڕازی و گلەمەندە، قاسملو نوسیویەتی: "ڕۆژنامەی کوردستان وەك شتێکی پلە چوار و پلە پێنجە و لە هەموو لایەکیش بە ناسیونالیست و لادەرمان دەزانن بە تایبەتی "من" (حیسامی،١٩٨٩: ٩). هەمدیسان لە نامەیەکی دیکەدا دەنوسێ: "چاوم بە "ڕام" (ڕادمەنیش سکرتێری گشتی حیزبی تودە) کەوتووە، دەڵێ: "هەموتان ناسیونالیستن و دەبێ وەزعی خۆتان ڕون بکەنەوە و دەست لە "حدك" هەڵگرن" (حیسامی،١٩٨٩: ٩).

پاش ئەوەی قاسملو بە ڕەسمی ڕیزی حیزبی تودەی ئێرانی جێهێشت (١٩٧٠) و گەڕایەوە کوردستان و بە هاوکاریي ئەندامانی دیکەی "حدك" ڕێکخستنەکانی ئەم حیزبەیان سەر لە نوێ بوژاندەوە، حیزبی تودە بەم دۆخە و سەربەخۆبونی "حدك" ناڕازی و بەتایبەتی لە قاسملو توڕە بو. ئەمە لە دانپێنانی ئیحسانی تەبەریدا دەردەکەوێ کە دەڵێ: "ڕەحمانی قاسملو ڕێگەی خۆی لە حیزبی تودە جیاکردەوە و لە بەغداد جێگیربو و ڕۆژنامەی "کوردستان"ی بە قسەی نەرم لەدەست ڕێبەریي حیزبی تودە دەرهێنا و لە بەغدا ڕێکخراوی سەربەخۆیي "حدك"ی پێکهێنا" (طبری،١٣٦٧: ٢٠٣).

ڕێکخراوی سەربەخۆی "حدك" حیزبی تودەی زۆر توڕە کرد، بە تایبەتی لە قاسملو ئەم ناڕازی بونەی لە سەربەخۆ بونی "حدك" لەدوایین کۆبونەوەی نوێنەرانی هەردوو حیزب لە مانگی تەمموزی ١٩٧٥ لە بەرلین بە ئاشکرا ڕادەگەینن[10] کەریم حیسامی، کە بەشداری کۆبونەوەکە بوو دەڵێت: "کیانوری گوتی موخالیفم، حیزبی ئێمە "حدك"ی بە ڕەسمی نەناسیوە و ... دەبێ بنوسرێ ئەم کۆبونەوەیە لەگەڵ چەند کوردی ئێرانی بو و دواتر بە توڕەیي گوتی من بەشداری ئەو کۆبونەوە ناکەم و بەجێیی هێشت" (حیسامی،١٩٩٠: ١٦٤). بەم جۆرە پێوەندی نێوان ئەو دوو حیزبە بەرەو ساردی ڕۆیشت، بە تایبەتی دوای بانگەوازی حیزبی تودە بۆ ئەندامانی "حدك" بە تەواوی تێکچو. حیزبی تودە داوا دەکات لە هەمو تێکۆشەرانی کورد وەك تێکۆشەرە شۆڕشگێڕەکانی ئازەربێجان و گەلانی تری ئێران پاڵ وە حیزبی تودە بدەن و نەریتی شۆڕشگێڕانەی یەکیەتی ڕێکخراوەیي و سیاسی و حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران لەگەڵ حیزبی دایك، حیزبی تودەی ئێران، حیزبی سەرانسەری چینی کرێکاری ئێران دوبارە زیندو بکەنەوە (حیسامی، ١٩٩١: ٤٨)[11].

"حدك"یش لەبەرامبەر ئەم بانگەوازەدا کاردانەوەی نیشاندا لە ڕۆژنامەی "کوردستان" بە نوسینی وتارێك لە ژێر ناوی "وەڵامی پەیامێك، پێداگری "حدك"ی لەسەر سەربەخۆ بون دوپاتکردەوە و بانگەوازی حیزبی تودەی بە هەند وەرنەگرت و دەنوسێ: "کاتێك لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ (١٥ی ئاب ١٩٤٥) "حدك" دامەزرا، نە حیزبی تودە لەو مەڵبەندەدا ڕێکخراوی هەبوو و نە فیرقەی دیموکراتی ئازەربێجانیش هەبو(کوردستان،١٣٥٤ : ٣٧).

حیزبی تودە هەڵوێستی سەربەخۆ بونی ڕێکخراوەیي "حدك"ی لە قاسملو دەزانی. کیانوری ساڵی ١٩٧٩ لەمبارەیەوە دەڵێ: "قاسملو سەردەمێك ئەندامی حیزبی تودە بوو، دواتر لە حیزب دەرکرا، بەهۆی ئەو ڕێبازە هەڵەیەی کە گرتبویە بەر، ئەو دەرکردنە ڕاگەیاندرا، ڕێککەوتی دروستی نازانم، دەبێ ١٢ ساڵ پێش ئێستا بێ" (مردم، ١٩٧٩: ٦٢) واتە ئەو کاتەی کە قاسملو ڕیزی حیزبی تودەی بەجێهێشت و هاتەوە کوردستان و لەگەڵ هاوڕێیانی ڕێکخراوەکانی "حدك"یان بوژاندەوە. هەمدیسان کیانوری لە شوێنێکی تر سیاسەتی حیزبەکەی بەرامبەر "حدك"ی سەربەخۆ و قاسملو دوپاتدەکاتەوە: "سەرەڕای هەوڵەکانی چەند ساڵەی دکتۆر قاسملو، ئامادەنەبو بەناوی ڕەسمی "حدك" لەگەڵی دانیشێ (امینآوە، ١٣٩٥ :٦٣).

کەواتە بەوەپێش خستنی چارەسەری پرسی نەتەوەیی لەکوردستان پێش هەمو پرسەکانی تر، لەگەڵ ئەوەی باوەڕی بە دامەزراندنی کۆمەڵێکی سۆسیالیستی هەیە بۆ دابین کردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، پێناسی سیاسی قاسملو لە چەپێکی کورد بۆ کوردێکی چەپ جێگۆڕکێی بەسەردادێت.

## ٣. باسی دووهەم: شۆڕشی ئێران و چالاکی ئاشکرای "حدکا"

### ٣,١ تەوەری یەکەم: چالاکی ئاشکرای "حدکا"

پاش زیاتر لە یەك ساڵ ڕاپەڕین و قوربانیدانی گەلانی ئێران لە ٢٢ ڕێبەندانی ١٣٥٧ (١١ی شوبات ١٩٧٩) توانییان کۆتایی بە دەسەڵاتی محەمەد ڕەزا شا ١٣٢٠- ١٣٥٧ (١٩٤١- ١٩٧٩) و ڕێژێمی پتر لە ٥٠ ساڵی شاهنشاهیی بنەماڵەی پەهلەوی بێنن (فوران، ١٩٩٨: ٥٦٦). بەم جۆرە قۆناغێکی نوێ لە مێژوی ئێران بەگشتی و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکرد. گەلی کوردیش چالاکانە لە شۆڕشی سەرانسەری ئێراندا بەشداری کرد و بە سەدان کەس لە ڕۆڵەکانی لە ڕەوتی شۆڕشدا گیانییان لەدەست دا، هەربۆیە کوردستانیش وەك ناوچەکانی دیکەی ئێران پێشوازی لە ڕوخانی ڕژێمی پەهلەوی کرد و کوردەکان ئەم هەلەیان بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکانییان قۆستەوە (مەکداول، ٢٠٠٢: ٥٤٣) ئەو ئامانجانەی کە بەهۆی دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی ١٣٠٤- ١٣٥٧ (١٩٢٥- ١٩٧٩) کە بریتی بو لە ماف و ئازادییە نەتەوەییەکان پێی نەگەیشتبون.

"حدك" کە لە دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان ١٣٢٥ (١٩٤٦ز) چالاکیی سیاسی لێ قەدەغە کرابو و بەشێوازی نهێنی خەباتی کردبوو، هەلی بۆ ڕەخسا دوای ٣٢ ساڵ بە کەڵك وەرگرتن لەو دۆخە سیاسییە کە بەهۆی سەرکەوتنی شۆڕشەوە بۆی ڕەخسابو، چالاکیی ئاشکرای خۆی ڕابگەیەنێ.

ڕۆژی ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ (١ی ئادار ١٩٧٩) "حدك" بۆ ڕاگەیاندنی سیاسەت و هەڵوێستەکانی خۆی میتینگی گەورەی لە ستادیۆمی شاری مەهاباد پێکهێنا. لەو مێتینگەدا بێجگە لە خەڵکی ناوچەی مەهاباد، نوێنەرانی هەمو ناوچەکانی کوردستان و زۆر لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان و ژمارەیەك لە ڕۆژنامەنوسانی نێوخۆیی وڵاتیش بەشدار بوون. پاش زیاتر لە ٣٠ ساڵ خەباتی نهێنی "حدك" ڕایگەیاند کە لەمەودوا خەباتی ئاشکرا و یاسایی خۆی دەست پێدەکا (حەسەنزادە،١٩٩٧:١٣٧).

لەو قۆناغە دورودرێژەی کە "حدك" دورخراوە بو، کۆمەڵگەی کوردستان زۆر ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتبو، هێزی کۆمەڵایەتی نوێ و نوێباو، هاتبونە کایە، خوێندەواری و ڕۆشنبیری لە شار و لە دێ پەرەی ئەستاندبو، ڕێکخراوی گەنج و نوێخواز (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) ژیانی سیاسیی کوردستانی گۆڕیبو، (شێخ عیزەددینی حوسێنی[١٢]) وەك کەسایەتێکی سیاسی- ئایینی لە نێو خەڵکدا لایەنگری زۆری هەبو، ڕێکخراوی چەپ و کۆمۆنیستی خەریکی چالاکی بون (ئەمین،١٩٩٨: ٢٣) خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی بۆ یەکەمجار بو هەست بە ئازادی بکەن، چەندین تاقمی سیاسی لە شارەکانی کوردستاندا کەوتنە هەڵی پێکەوەنانی ڕێکخستن. کادرەکانی "حدك" کە تازە گەڕابونەوە، خەریکی خۆکۆکردنەوە و سازدانی خەڵك و پێکەوەنانی ڕێکخراوی ئاشکرا بون، کادرەکانی کومەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (سازکا)یش خەریکی پێکەوەنانی "ڕێکخراوی چەتر" بون بەناوی جیاجیاوە، چریکی فیدایی و حیزبی تودە و دەیان ڕێکخراوی دیکەی وەکو: سازمانی موجاهدین، پەیکار، وەحدەتی کۆمۆنیست و... هتد خەریکی خۆڕێکخستن بون و ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی سیاسیی تاران بوو. دیارە لە نێو ڕێکخراوە چەپ و سەرانسەرییەکان حیزبی تودە بەهۆی ڕابردوی چالاکی و چریکە فیداییەکان بەهۆی خەباتی لە خۆبردویانەیان لە دژی ڕژێمی شا ڕۆڵی بەرچاوتریان هەبو لە شانۆی سیاسی کوردستاندا .

"حدك" کە تا پێش سەرکەوتنی شۆڕش تاقانە حیزبی گۆڕەپانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بو، لەگەڵ دۆخێکی نوێ بەرەوڕو بو. کارنامەی درەوشاوەی سیاسی ئەم حیزبە بە هۆی چالاکیی ڕابردوی لە دژی ڕژێمی شا و بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد و تۆمارکردنی چەند ڕوداوی مێژویی و خاوەندارەتی لە سیما ناسراوەکانی خەبات و تێکۆشان کە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا بون بە سیمبول، وایکردبو کە ئەم حیزبە لە یادەوەریی مێژویی کۆمەڵانی خەڵکدا بمێنێتەوە، بەتایبەت لە ناوچەکانی موکریان و سەروی موکریاندا و هەر بۆیە بە خێرایی لە نێو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکدا جێپێی خۆی کردەوە. نەوشیروان مستەفا لەم بارەیەوە دەڵێ: "حدك" بەهۆی ئەو ناو و ناوبانگەی کە لە سەردەمی قازی محەممەدەوە و جەمهورییەتی مەهابادەوە بە میرات بۆی بەجێ مابوو، لەماوەیەکی کورتدا، هەزاران کەسیان کۆکردەوە و هەزاران چەکداریان ڕێکخست و توانییان ببن بە حوکمڕانی ڕاستەقینەی زۆر شار و ناوچە (ئەمین، ١٩٩٨: ٢٣)

بەرنامەی "حدك" کە لە سەرچارەسەریی دوو پرسی گرینگی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی داڕێژرابو، لە کۆکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵك لە چین و توێژە نەریتییەکان کە تەنیا پرسی نەتەوەییان بەلاوە گرینگ بو و هەم بۆ گەنج، خوێندەوار و روناکبیران، کە ئایدۆلۆژیای چەپ کەمەندکێشی کردبون، سەرنج ڕاکێش، بوو هەر بۆیە هەردوو لایەن ئایدیالەکانی خۆیان لەم بەرنامەیەدا دەدۆزییەوە.

### ٣,٢ تەوەری دووەم: کۆنگرەی چوارەمی "حدكا" لوتکەی ڕادیکالیزمی چەپ

پێکهێنانی کۆنگرە لە هەلومەرجی نوێی تێکۆشاندا بۆ "حدك" پێویستییەکی جیدی بو. لەلایەك شەش ساڵ بەسەر بەستنی کۆنگرەی سێیەمدا تێپەڕیبوو و لەلایەکی دیکە دەبوو ڕێکخراوەکانی حیزبی بۆ دۆخی نوێی ڕێك بخرێت. لە ئێران و کوردستان ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی ڕوی دابو. ڕێژێمێکی سیاسیی نوێ "کۆماری ئیسلامی" ئێرانی بەڕێوە دەبرد و ڕوحانییەتی شیعە دەسەڵاتداری سەرەکی بون لە وڵات و دەبو حیزب هەڵوێست و لێکدانەوەی بۆ ئەم دۆخە نوێیە هەبێ و سیاسەت و دروشمەکانی گەڵاڵە بکا.

ڕۆژی ٥٨/١١/٣٠ تا ٥٨/١٢/٥ (١٩٨٠/٢/١٩ تا ١٩٨٠/٢/٢٤) بە بەشداری ٣١٠ نوێنەر، کۆنگرەی چوارەمی "حدك" لە شاری مەهاباد پێکهات (گادانی، ٢٠٠٨: ٢٥٩). لە کۆنگرەدا مشتومڕێکی زۆری سیاسی و فیکری هەبوو. قاسملو ڕەوتەکانی نێو کۆنگرە بەم جۆرە دابەش دەکا: "یەکەم؛ ڕەوتی تودەیی کە نوێنەری هەرە گەورەی غەنی بلوریان و هێندێکی دیکەی وەك حەمەدەمینی سیراجی و ئەوانی دیکە بون، دووەم؛ دیسان نوێنەرانی ئەو شێوە عەشیرەتییە کە هەرمابوو، سێیەم؛ ژمارەی هەرە زۆری بەشدارانی کۆنگرە کە لە هیچ لایەك نەبون و ئەوانە بون کە تازە هاتبون و نوێنەرانی هەر کام لەو سێ ڕەوتە بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران (قاسملوو، ١٣٦٨: ٢٢).

بە چاوخشاندن بە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی و بڕیارنامەی کۆنگرە و ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە بەرنامەی "حدك"دا هاتبوو، دەردەکەوێ کە ڕەوتی چەپی ڕادیکاڵ (تودەیی) لە کۆنگرەدا توانیوێتی زۆرێك لە بیروبۆچوونەکانی خۆی بچەسپێنێ. لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی

ناوەندییدا سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پڕۆتستۆ دەکرێن. هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ ئاشتیی میسڕ و ئیسرائیل لە کامپ دەیڤد لە دژی بەرژەوەندیی گەلی فەلەستین هەڵدەسەنگێندرێ و هۆشداریی دەداتە ئەمریکا کە دەست هەڵگری لە دوژمنکاریی بەرامبەر بە شۆڕشی ئێران و لە ئەگەری هەرچەشنە دەستێوەردانی سەربازی لەگەڵ بەربەرەکانی توندی کۆمەڵانی خەڵك بەرەوڕودەبێ (بەڵگەنامەکان، ١٩٨٠: ٦٨) ئەمە لە کاتێك دایە کە سوپای سوری سوڤیەتی ئەفغانستانی دراوسێی ئێرانی داگیر کردووە و لەگەڵ بەربەرەکانی توند بەرەوڕوویە، بەڵام ڕاپۆڕتی کۆمیتەی ناوەندی نە تەنیا لە ئاستیدا بێدەنگیی هەڵبژاردووە، بەڵکو یەکیەتیی سۆڤیەتی بە لەمپەرێکی دیکەی سەر ڕێگەی دەستێوەردانی ئەمریکا لە ناوچە و کەنداو دەزانێ.

ڕاپۆڕت پێی وایە سیستەمی سەرمایەداری کە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی تایبەتی سەرمایەداران و پاوانکاری ڕاوەستاوە، بۆتە خولقێنەری دەیان گیروگرفتی چارەسەرنەکراو وەك هەڵئاوسانی دراویی بێ وێنە، بێکاریی ملیۆنەها و دارمانی ئەخلاقی و کولتوری. ئەمە پاڵی بە خەڵکانی ئەو ولاتانە ناوە بۆ خۆ ڕزگارکردن لە سیستەمی سەرمایەداری و ئەمە مەیلی سۆسیالیستی لە نێو زەحمەتکێشاندا بەهێز دەکا، ڕاپۆڕت ڕەخنە لە "حدك" دەگرێ کە لە کاتێکدا زۆربەی ئەندامانی حیزب لە زەحمەتکێشان پێك دێ و بە ڕێککەوت نییە کە بە حیزبی دیموکرات دەگوترێ حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان؛ "بەڵام ژمارەی بەرپرسانی حیزبی کە سەر بە چین و توێژە زەحمەتکێشەکانن کەمە" (بەڵگەنامە، ١٣٥٨: ٧٠، ٨٠). لەم سۆنگەیەوە ڕاپۆڕت داوا لە کۆنگرە و کۆمیتەی ناوەندیی نوێ دەکا: "سەرنجدان بە کەسانی زەحمەتکێش لە نێوخۆیی حیزبدا و پەروەردەکردنییان بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارێتیی حیزبی لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕێکخراوەکانی حیزبییە و لەم بوارەدا دەبێ سەرنجی تایبەتی بە گوندەکان بدرێ کە بەشی سەرەکیی زەحمەتکێشان تێیدا نێشتەجێن بەجۆرێك، کە هەر گوندێك لە کوردستان دەبێ ڕێکخراوی حیزبیی خۆی هەبێ" (بەڵگەنامە، ١٣٥٨: ٨١).

لە پێوەندی لەگەڵ هەڵوێستی "حدك" بەرامبەر بە شۆڕش، کۆماری ئیسلامی و ڕێبەریی خومەینی ڕاپۆڕت دەڵێ: "ئێمە جارێکی دیکە ڕایدەگەیەنین هاوڕێ لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی سەرانسەری ئێران لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی ئێران داکۆکی دەکەین. ئێمە پشتیوانی دوبارەی خۆمان لە ڕێبەریی ئیمام خومەینی و سیاسەتی دژی ئیمپریالیستی ئەو ڕادەگەیەنین و ئامادەین ئەو پشتیوانییە بە کردەوە بسەلمێنین" (بەڵگەنامە، ١٣٥٨: ٨٣). ئەم سیاسەتەی "حدك" کاریگەریی ڕەوتی تودەیی نێوخۆی ئەو حیزبەی بە تەواوی بەسەرەوەیە و لە ڕاستیدا ئەمە هەڵوێستی حیزبی تودە بوو کە هەر لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی و خومەینی گرتبوویە بەر و تیۆریزەشی کردبوو. "جەوانشیر"، دەبیری دووەمی حیزبی تودە لەم بارەیەوە دەڵێ: "پشتیوانیی ئێمە لە ئیمام خومەینی بە پێچەوانەی بانگەشەی تێکدەران و گومانی ناڕاستی منالانە، هەڵپەرستی نییە، بەرهەمی چل ساڵ شەڕ لە دژی ئیمپریالیزم و خوێنی دڵ خواردن لە دەستی سازشکارانە (جوانشیر، ١٣٥٩: ٢٢٨).

لە بەشی بریارنامەی کۆنگرەدا دوو خاڵی بڕیانامەکە بە شێوازێکی ڕادیکاڵ سەرنجی داوەتە ژیان و گوزەرانی چینی کارێکار و زەحمەتکێشان و جوتیاران. داواکراوە کە کرێکاران و زەحمەتکێشانی شار و گوندەکانی ئێران دەبێ لە بەڕێوەبردنی چارەنوسی خۆیاندا بەشداربن تا لەم دۆخە بەزەیی هێنەرە ڕزگاریان بێ، کە مەبەست پێکهێنانی شۆراکانی کرێکارییە و لە پەیوەندی لەگەڵ جوتیاراندا داوا دەکرێ و بە ئەنجامدانی یاساکانی شۆڕشگێری کێشەی خاوەنداریەتی زەوی بە قازانجی جوتیارانی بێ زەوی کۆتایی پێ بێ (بەڵگەنامە، ١٣٥٩: ١١٠).

بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی "حدك"یش ئاڵوگۆڕی تێدا ئەنجام درابو، لە فەسڵی یەکەم و لە ئامانجە گشتییەکاندا، ئامانجی دوارۆژی "حدك" کە پێکهێنانی کومەڵێکی سۆسیالیستیی دادپەروەرانە بوو، گۆڕا بۆ پێکهێنانی کومەڵێکی سۆسیالیستی کە بنچینەکانی لەسەر پرەنسیپی زانستیی بینای سۆسیالیزم دامەزراوە (بەڵگەنامە، ١٣٥٩: ١٤). لابردنی پاشگری "دادپەروەرانە" بەو مانایە بو کە سۆسیالیزم پێویستی بە پاشگری دادپەروەرانە نییە و خۆی لە خۆیدا ئەو نیزامە دادپەروەرە لە هەموو ڕویەکەوە، ئەگەر بەکارهێنانی زاراوەی "دادپەروەر" لە بەرنامەی پەسەند کراوی کۆنفرانسی سێیەم و دواتر کۆنگرەی سێیەم، ١٣٥٢ (١٩٧٣ز) سنوربەندیی لەگەڵ سۆسیالیزمی مەوجود (سۆسیالیزمی دامەزراو لە یەکیەتیی سۆڤیەت و ولاتانی دیکەی سۆسیالیستی) کردبو، ئەم سنوربەندییە نامێنێ، واتە سۆسیالیزمی مەوجود لە ڕوی ئابوری-کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بێ کەم و کوورییە. ئەم ئاڵوگۆڕە داشکاندن بوو بەلای سۆڤیەتدا و پێکهێنانی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی لەسەر بنەمای سۆسیالیزمی زانستیدا، ئەو ناونیشانەیە کە مارکسیزم بە خۆی داوە لەبەرامبەر "سۆسیالیزمی خەیاڵی"[١٣] دا کە بنەماکەی لەسەر ڕاڤەکردنی کومەڵایەتی، مێژویی و دۆزینەوەی یاساکانی ناچاریی (determinism)مێژو دانراوە (آشوری، ١٣٥٨: ٢٠٦).

"حدك" کە لە بەرنامەی پەسەندکراوی کۆنفرانسی سێیەم و کۆنگرەی سێیەم ١٣٥٢ (١٩٧٣) لە ماددەی چوارەمی ئامانجە گشتییەکانی بەرنامەدا، پشتیوانیی خۆی لە خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلان بە دژی ئیمپریالیزم ڕاگەیاندبو، ئەمجارە لە خەباتی گەلان بە دژی ئیمپریالیزم، ناوی ئەمریکاش دەهێنێ وەك سەرکردەی جیهانی ئیمپریالیستی (بەڵگەنامەکان، ١٩٨٠: ٤٣) لە¬وەبەدوا دژایەتیکردنی ئیمپریالیزمی ئەمریکا وەك سەرکردەی ئیمپریالیزمی جیهانی لە ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی دیموکراتدا و لە ماددەی چوارەمی ئامانجە گشتییەکانی بەرنامەدا تا کۆنگرەی نۆهەم ١٣٧٠ (١٩٩١) دەمێنێتەوە.

لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ (١٩ی تەمموز ١٩٥٣) وە تا ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩) کە ڕێژێمی سەڵتەنەتی لە ئێران ڕوخا، واتە نزیك بە ٢٥ ساڵ قۆناغی باڵادەستیی سیاسەتی ئەمریکا لە ئێرانە و بێجگە لە قۆناغی کورتی سەرەتای حکومڕانی کەنەدی لە ساڵی ١٩٦١ و سەرەتای سەرۆك کۆماریی کارتەر لە ساڵی ١٩٧٧دا سەرۆك کومارەکانی ئەمریکا پشتیوانی بێ ئەم لاو ئەولای ڕێژێمی پەهلەوی بوون (طلوعی، ٢٠٠٠: ٤٤٥). ڕوخاندنی دەوڵەتی موسەدیق و گەڕاندنەوەی شای ڕاکردو پتر لەهەر ڕوداوێکی دی ڕق و بەدگومانیی ئێرانییەکانی لە ئەمریکا هان دابو ڕوداوێك کە دوای ٥٠ ساڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، مادلین ئولبرایت داوای لێبوردنی لە ئێرانییەکان کرد (طلوعی، ٢٠٠٠، ١٧٦)، لە کوردستانیش دوژمنایەتیی ئەمریکا و بەریتانیا لە دژی کۆماری کوردستان حاشا هەڵنەگر بو، قاسملو دەڵێ: "ئیمپریالیزمی ئەمریکا و بەریتانیا ئەوەندە لە کۆماری کوردستان بێزار بون و ئەوەندەیان ڕق لە پێشکەوتنی جوڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستان هەستابو، کە بۆ تێکشکاندنی بە هەمو هێزییانەوە یارمەتیی دەوڵەتی ناوەندیی ئێرانییان دەدا (قاسملو، ١٩٩١: ١٣٢) بە جۆرێك کە ئەفسەرانی ئەمریکا لە داگیرکردنەوەی کوردستان و ئازەربایجاندا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبو و تەنانەت دکتۆر عەزیز شەمزینی پێی وایە بە فەرمانی باڵوێزی ئەمریکا لە تاران و بە پێی پێشنیازی جەنەڕاڵ شوارتسکۆف قازی محەممەد و حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی دەستگیرکران (شەمزینی، ٢٠٠٦: ٣١٣). ئەم هەڵوێست و سیاسەتانەی ئەمریکا لە بیرەوەریی مێژویی کومەڵانی خەڵکدا نەسڕدرابونەوە و ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ گرتنی هەڵوێستی ڕادیکاڵ بەرامبەر بە ئەمریکا بۆ ماوەی پتر لە دەیەیەك لە سیاسەتی حیزبی دیموکراتدا.

لە کۆنگرەی چوارەمدا ئاڵوگۆڕ بەسەر ناوی حیزبی دیموکراتدا هات. دیارە لە کۆنفرانسی سێیەمدا (١٩٧١ز) ناوی "ئێران" بە دوای ناوی "حدك"دا و لە نێوکەوانەدا زیاد ببو، بەڵام بە وتەی "حەسەن زادە"، "ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران، کە لە سەر دانانی ناوی ئێران لە کەوانەدا تێبینیان هەبو و ئەمەیان بە نیشانەی ئەوە دادەنا کە حیزبی دیموکرات بۆ هەمو بەشەکانی کوردستان یەك حیزبە و دانانی ناوی "ئێران" لە کەوانەدا بۆ ئەوەیە نیشان بدا لقی حیزب لە ئێراندا مەبەستە و بۆ لابردنی ئەم گومانە لە کۆنگرەی چوارەمدا کەوانەکە لابرا و ناوی حیزب بو بە "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" (حەسەنزادە، ١٩٩٧: ٦٩). ئاڵوگۆڕ لە ناوی "حدك" هەم کاریگەریی ڕێکخراوە چەپەکانی ئێرانی بەسەرەوە بو، چونکە هەمویان لەسەر سەروەریی خاکی ئێران مکوربون[١٤] و هەم خاوەن تێڕوانینە چەپەکانی نێو "حدك"یش بە تایبەتی لایەنگرانی حیزبی تودە نەیاندەویست وەك حیزبێکی ناسیۆنالیست پێناسە بکرێن.

گەڕانەوەی ڕێبەرانی حیزبی تودە بۆ ئێران و دەستپێکردنی چالاکی ئاشکرای ئەم حیزبە و هەوڵدانی بۆ بەرەو پێش بردنی سیاسەتەکانی لە کوردستان بە تایبەتی لە ڕێگەی لایەنگرانی لە نێو "حدکا"، بونی دەیان ڕێکخراوی چەپگەرایی کوردستانی و زۆرتر ئێرانی لە کوردستان کە پتر لە هەمو شوێنێکی ئێران مەجالی چالاکییان هەبو، بەتایبەتی بۆ پیادەکردنی تیورییەکانی شۆڕشگێری، داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە تاران، لە زاڵبونی گوتاری چەپ بەسەر کەش و هەوای فیکری لە کوردستان و ڕادیکاڵیزەبونی جەوی کوردستان، ڕۆڵی سەرەکییان بینی. کۆنگرەی چواری "حدکا"ش شوێنەواری ئەم کەش و هەوایەی بەسەرەوە بو، بۆیە ئەو بەشەی کە قاسملو لە پێکهاتەی کۆنگرەدا بە زۆرینەی بێ لایەنی ناو دەبا، بە لای هێڵی چەپی تودەییدا دایشکاند. کۆنگرەی چوارەم گوزارشت لە لوتکەی ڕوانگەی چەپی ڕادیکاڵ لە مێژویی حیزبی دیموکراتدا دەکا و ئەمە بە تایبەتی بە بەراوردکردنی پێگەی کۆمەڵایەتیی ڕێبەرانی کۆنگرەی چوارەم و کۆنگرەی یەکەم[١٥]، کە لە بەرنامەی "حدك"دا لەو سەردەم کۆنسێرڤاتیزم بە تەواوی ڕەنگی دابووە، دەتوانێ بەڵگەیەکی دیکە بێ بۆ ئەم ئیدیعایە.

## ٤. ئەنجام

**١.** کۆنفرانسی سێیەم و بەدوایدا کۆنگرەی سێیەم ئاشتبونەوەی "حدك" بو لەگەڵ بیری چەپ، کە ماوەی نزیك بە دە ساڵ بو لێی دورکەوتبۆوە.

**٢.** "حدك" بو بە خاوەن بەرنامە و پێڕەوێکی کۆنکرێت. سـیاسـەتی ئابوری- کۆمەڵایەتیی گونجاو لە بەرنامەدا گوزاریشـتی لە چەپێکی ڕادیکاڵ دەکرد و پێڕەوی نێوخۆش کۆپی پێڕەوی حیزبە کۆمۆنیستەکان بو. پێکهێنانی کومەڵێکی سـۆسـیالیسـتی بۆ یەکەم جار لە بەرنامەی "حدك"دا وەك ئامانجی دواڕۆژ دیاری کرا، باڵی ڕاسـتی "حدك" بە یەکجاری چووە پەراوێزەوە و کۆتایی بە ململانێی ئەو دوو باڵە هات کە وەك هێڵێکی سوری چالەنجی لە دامەزراندنی (ژ- ك) ە وە بە مێژوی ئەم حیزبەدا تێدەپەڕی. لەمە بەدوا ململانێی فیکری لە ناو "حدك"دا بەربەست بو بە لایەنگرانی چەپی ڕوسی و چەپی دێموکرات.

**٣.** قاسملو بەجێهێشـتنی حیزبی تودەو گۆڕانی لە چەپێکی کورد بۆ کوردێکی چەپ شوێنەواری قوڵی لە ئاڕاستەی سیاسیی "حدك"دا دادەنێ.

**٤.** بونی لایەنگرانی سـیاسـەتەکانی حیزبی تودە لەنێو "حدکا"و چالاکی چەندین گروپی مارکسیـ-لینینی لە کوردسـتانو گرتنی باڵوێزخانەی ئەمریکا بە هۆی خوێندکارانی ڕادیکاڵ کەشو هەوای سـیاسـیی کوردسـتانی ئەوەندی تر ڕادیکاڵیزە کردو ئەمە کاریگەری لەسـەر کۆنگرەی چوارەمی "حدکا"دا دانا کە لە خانەی چەپێکی ڕادیکاڵ جێ بگرێ.

## ٥. لیستی سەرچاوەکان

### ٥,١ بڵاوکراوە و ئەرشیفی پارت و ڕێکخراوەکان:

#### أ- بەزمانی کوردی

بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی (حدکا) پەسەندکراوی کۆنگرەی چوارەم، کومسیۆنی ئینتشارات و تەبلیغاتی کۆمیتەی ناوەندی (حدکا)، ڕەشەمەی ١٣٥٨ (فێبریواری ١٩٨٠).

ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی سێهەم، ساڵی ١٣٥٣.

کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ایران) ڕەزبەری ١٣٥٢ (سێپەمبەری ١٩٧٣).

#### ب- بەزمانی فارسی

اسناد کنگرە چهارم. (١٩٨٠) حزب دمکرات کردستان ایران، کمیسیون انتشارات و تبلیغات کمیتە مرکزی حزب دمکرات کردستان ایران.

برنامە و اساسنامە "حدك" (ئێران). (١٩٧١) مصوب کنفرانس سوم.

نخستین مرامنامە حزب تودە ایران، (١٣٩٠) راه تودە، شمارە ٣٤٧.

### ٥,٢ گۆڤار و ڕۆژنامەکان

#### أ. گۆڤار بەزمانی فارسی

توکلی خالد (١٣٨٥)، بررسی تاثیر اندیشە چپ بر تفکر اقتصادی حدکا، فصلنامە رۆژەڤ، سیاسی، اجتماعی، فرهنگی، شمارە ٤ و ٥.

ولی: عباس. (١٣٨٣) مارکسیسم، هویت ملی و طبقاتی، نویسا، شمارە ٢.

#### ب. ڕۆژنامە بە زمانی کوردی

کوردستان، پەیام بۆ گەلی کامبۆج، ژوماره ٢٩، خەزەلوەری ١٣٥٢، نۆڤەمبەری ١٩٧٣.

کوردستان، ئورگانی کومیتەی ناوەندی "حدك" (ئێران)، ژمارە ٣٠، سەرماوەزی ١٣٥٢- دیسەمبەری ١٩٧٣.

کوردستان، ئورگانی کومیتەی ناوەندیی "حدك"، شکستی ئەمریکا لە لاوس سەرکەوتنی هەموو گەلانی ئازادیخوازە، ژومارە ٤، بانەمەڕی ١٣٥٠- مای ١٩٧١.

کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سمایل بازیار، قاسملوو، ناسیۆنالیزم و ئەندێشەی چەپ، قاسملوو تێتۆی کورد (٣)، ژومارە ٧٠٩، ١٥ خەرمانانی ١٣٩٦، ٦ سێپتێمبەری ٢٠١٨.

کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)، ژمارە ٣٧، گەلاوێژی ١٣٥٤ (ئەگۆست ١٩٧٥).

کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)، بایەخی شۆرشی مەزنی ئوکتوبەر، ژمارە ٢١، خەزەڵوەری ١٣٥١- نوڤەمبەری ١٩٧٢.

کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)، بەیاننامەی "حدك" ئێران لە سەر رێککەوتنی ڤێتنام، ژمارە ٢٣، ڕێبەندانی ١٣٥١، فێبریواری ١٩٧٣ .

کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)، پاش هیند و چین نورەی رۆژهەڵاتی ئێوەڕاستە، ژمارە ٢٤، ڕەشەممەی ١٣٥١، مارسی ١٩٧٣ .

کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)، پەرەپێدانی شۆڕش، ژمارە ١٠٢، بەفرانبار و ڕێبەندانی ١٣٦٣ (جانیڤەری و فێبریواری ١٩٨٥ .

کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)، سەری ساڵی "ئینقلابی سپی" شا، ژمارە ٤١، ڕێبەندانی ١٣٥١، فێبریواری ١٨٧٣ .

کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)، ژمارە ٢٣، ١٩٧٣.


### ج- ڕۆژنامە بە زمانی فارسی


مردم. (١٣٥٤) ارگان مرکزی حزب توده ایران، فرخنده باد سی‌امین سال جنبش ملی و مترقی کردستان ایران، شماره ١٥٠.


## ٥,٣ یاداشتەکان

### أ. یاداشتەکان بەزمانی کوردی


حیسامی: کەریم. (١٩٩٠) لە بیرەوەرییەکانم (١٩٧٠- ١٩٧٥)، بەرگی چوارەم، ستۆکهۆلم، چاپخانەی ژین.

حیسامی، کەریم، (١٩٩١) لە بیرەوەرییەکانم (١٩٧٥_١٩٧٩) بەرگی پێنجەم، ستۆکهۆلم.

قازی: ئەمیر. (٢٠١٠) لە بیرەوەرییە سیاسییەکانم، ستۆکهۆلم.


## ٥,٤ کتێبەکان

### أ. بەزمانی کوردی


بارزانی: مەسعود. بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، شۆڕشی ئەیلوول، (١٩٦١- ١٩٧٥)، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ب.ش .

پرونهۆویر: کارۆل. (٢٠٠٩) خولیا و مەرگی قاسملوو، وەرگێڕانی فەتاح کاویان، هەولێر چاپخانەی رۆژهەڵات.

پێشنەماز: ڕەسووڵ. (٢٠١٢) سەربردەی ژیانم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.

حەسەنزادە: ئاسۆ، مەنسوور مروەتی، بەهاری ١٣٩٦ (٢٠١٧) بیبلیۆگرافیای سیاسی رۆژنامەی "کوردستان."

حیسامی: کەریم. (١٩٩٧)، پێداچوونەوە، کوردستانی ئێران ١٩٤٧- ١٩٧٨، بەرگی دووهەم، ستۆکهۆلم، چاپخانەی ماردین.

حەسەنزادە: عەبدوڵڵا. (١٩٩٧) نیوسەدە تێکۆشان، دوو بەرگ، بڵاوکراوەی کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حدکا.

حەمەدەمین: ئەحمەد. (٢٠١٠) چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، هەولێر چاپخانەی موکریان، هەولێر.

شەمزینی: عزیز. (٢٠٠٦) جولانەوەی رزگاریی نیشتیمانیی، وەرگێرانی: فەرید ئەسەسەرد، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان.

عەلی مەحموود: هۆشمەند (دکتۆر). (٢٠١٢) ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لێکۆڵینەوەیەکە لە دۆخی سیاسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (١٩٧٩- ١٩٨٩)، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.

عەلی مەحموود: هۆشمەند ٢٠٠٧، عەبدولرەحمان قاسملوو، ژیان و ڕۆڵی سیاسیی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دا، ١٩٣٠ -١٩٨٩، هەولێر

قاسملوو عەبدولڕەحمان، (١٣٦٨) کورتە مێژووی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بڵاوکراوەی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

قاسملوو: نەسرین. (٢٠١٤) ئورووپاییەک لە وڵاتی کورداندا، وەرگێڕانی ناهید حوسێنی، هەولێر، چاپخانەی سەردەم.

کەریمی: عەلی. (٢٠٠٥) ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما) سلێمانی، چاپخانەی کاریین.

گادانی: جەلیل. (٢٠٠٨) پەنجا ساڵ خەبات، کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، چاپی دووهەم، دهۆک.

گەوهەری: حامید. (٢٠١١) کۆماری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی شەهاب.

مستەفا: سۆزان کەریم. (٢٠٠٧) بەعسیزم و کورد (١٩٤٧- ١٩٧٥)، سلێمانی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.

مەکداوڵ: دەیڤید، (٢٠٠٢) مێژووی هاوچەرخی کورد، و: ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی.

ئینگڤارکارلسۆن و ئان ماری لینداگرین (٢٠١٠)، سۆسیال دێموکراسی چیە؟ وەرگێرانی: کەماڵ حەسەنپوور، هەولێر.

ئەمین: نەوشیروان مستەفا. (١٩٩٣) حکومەتی کوردستان (کورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا)، هەولێر، ب.ش.چ.

ئەمین: نەوشیروان مستەفا. (١٩٩٨) پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن (دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستان عێراق ١٩٧٩- ١٩٨٣) ب.ش.چ.


### ب. بەزمانی فارسی


آبراهامیان: یرواند. (١٣٨٣) ایران بین دو انقلاب، ترجمە: احمد گل محمدی و محمد ابراهیم فتاحی، تهران، نشر نی.

آشوری: داریوش. (۱۳۵۸) دانشنامه سیاسی، (فرهنگ اصلاحات و مکتبهای سیاسی) تهران، نشر مروارید.

اقبالی: علیرضا. (۱۳۸۱) مقدمه ای برتشکیل سرمایه و تفکراقتصادی احزاب و گروهمای سیاسی در ایران، تهران، نشر چاپپخش.

امین آوه: کامران، چپ سنتی و جنبش ملی کرد در ایران، نشر روشنگری، آلمان، ۱۳۹۵).

بابایی: غلامرضا. (۱۳٦۹) فرهنگ علوم سیاسی، تهران، نشر ویس.

بهروز: مازیار. (۱۳۸۰) شورشیان آرمانخواه، (علل ناکامی چپ در ایران) ترجمه: مهدی پرتو، تهران، نشر ققنوس.

جمعی از پژوهشگران، حزب توده از شکل گیری تا فرو پاشی (۱۳۱۸- ۱۳۲۰) چاپ دوم، تهران، ۱۳۸۷ .

جوانشیر ف.م، تجربه ۲۸ مرداد، نظری به جنبش ملی شدن نفت ایران، انتشارات حزب توده ایران، تهران، ۱۳۵۹.

دانش: بهرام. (۱۹۷۰) زندگی و آموزش لنین، نشریه حزب توده ایران، ب.ج.

روزبه: خسرو. (۱۳۵۸) واژه‌های نو، برخی از واژه‌های آموزشی، تهران، انتشارات حزب توده ایران.

طبری: احسان. (۱۳۵۰) یاداشتها و نوشته‌های فلسفی، انتشارات حزب تووده ایران.

طبری: احسان. (۱۳۵۸) آموزش فلسفه علمی، تهران، انتشارات حزب توده ایران.

طبری: احسان. (۱۳۵۸) الفبای مبارزه، انتشارات حزب توده ایران، تهران، ۱۳۵۸.

طبری: احسان. (۱۳٦۷) کژراهه (خاطراتی از تاریخ حزب توده)، تهران.

فوران: جان، مقاومت شکننده، تاریخ تحوالت اجتماعی ایران از سال ۱۵۰۰ میلادی تا انقلاب ۱۹۷۹، ترجمه احمد تدین، تهران، رسا، ۱۳۷۷.

کاتوزیان: محمد علی همایون، خاطرات سیاسی خیلی ملکی، چاپ دوم، اروپا، آذر ۱۳٦۰. علیزاده: حسین، فرهنگ خاص علوم سیاسی، تهران، ۱۳۷۷.

کیانوری: نورالدین. (۱۳۷۲) خاطرات نورالدین کیانووری، تهران، موسسه تحقیقاتی و انتشاراتی دیدگاه.

لنین: آثار منتخب. (۱۳۵۷) امپریالیزم به مثابه بالاترین مرحله سرمایه‌داری، ترجمه: م.پ هرمز، مسکو.

نیك آیین: امیر. (۱۳۵۹) ماتریالیزم تاریخی، ماتریالیزم دیالکتیك، جلد دوم، تهران، انتشارات حزب توده ایران.

[1] لە ڕاپۆرتی كۆمیتەی ناوەندی "حدك" بۆ كۆنگرەی (۳) كە دوو ساڵی دواتر پێكهات هەمدیسان دەگوترێ: "نێوەڕۆكی سەردەمی ئێمە، سەردەمی كزبوونی ئیمپریالیزم، سەردەمی بە یەكجاری لە نێوچونی كۆلونیالیزم و ڕزگاربوونی نەتەوە زۆر لێكدراوەكان و سەردەمی پێش كەوتنی هێزەكانی سۆسیالیستی و دیموكراتی و دژی ئیمپریالیستییە (كۆنگرەی سێیەمی حیزبی دیموكراتی كوردستان (ایران) ڕەزبەری ۱۳۵۲ (سێپەمبەری ۱۹۷۳)، ل ۳٤.

[2] بڕوانە: برنامە و اساسنامەی حزب دمكرات كردستان (ایران) مصوب كنفرانس سوم، م.ق، ص ٥ و ٦. توكلی، رۆژەڤ، ۱۳۸٥، ص ۱۳۲.

[3] بەڵگەنامەی سەرەكیی كۆنفرانسی نیونەتەوەیی حیزبە كۆمۆنیست و كریكارییەكان (۱۹٦۹) بەم دێرانە دەست پێ دەكات: "لە جیهاندا ڕەوتێكی بەهێزی شۆڕشگێری پەرە دەستێنێ. لە خەبات لە دژی ئیمپریالیزم سێ هێزی مەزنی هاوچەرخ یەك دەگرن و ئەو سێ هێزە بریتین لە: سیستەمی جیهانی سۆسیالیزم، چینی كرێكاری نیونەتەوەیی و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی" (روزبە: ۱۳۵۸، ۸۲).

[4] خاڵی یەكەم لە ئامانجە گشتییەكاندا هاتووە: حیزبی دێموكراتی كوردستان حیزبی پێشڕەوی گەلی كورد لە كوردستانی ئێرانە (برنامە و اساسنامەی "حدك" ئێران، مصوب كنفرانس سوم، م.ق، ص ۱٦).

[5] ماددەی سێیەم لە ئامانجە گشتییەكان: ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموكراتی كوردستان پێكهێنانی كۆمەڵی دادپەروەرانەی سۆسیالیستییە (برنامە و اساسنامە "حدك" (ئێران) مصوب كنفرانس سوم، م.ق، ص ۱٦.

[6] "گیت گریفین" باوەڕی وایە كە لە ستراتیژی پەرەسەندنی ئابوری كە لە یەكێتی سوڤیەت بەڕێوەچو پێداگیری لەسەر پیشەسازی خێرا دەكرا بە نرخی پاڵەپەستۆ بۆ سەر بەشی كشت و كاڵ.

[7] ئەسلی بنەڕەتی دارشتنی قەوارەی حیزب سانترالیزمی دیموكراتیكە، سانترالیزمی دیموكراتیک بەو مانایە كە: هەموو ئۆرگانێكی حیزبی لە خوارەوە بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێ، ئۆرگانەكانی حیزب بە ڕێكوپێكی ڕاپۆرتی تێكۆشانی خۆیان هەم بەو ئەندامانە كە هەڵیان بژاردون و هەم بە ئۆرگانی سەرەوە دەدەنەوە. ئەندام پەیڕەوی ڕێكخراوە و كەمایەتیی ئەندامان پەیڕەوی زۆرایەتیی ئەندامانە. لە نێو حیزبدا بۆ هەموو ئەندامان بەبێ جیاوازی یەك دیسپلین هەیە و بڕیاری ئۆرگانەكانی سەرەوە دەبێ لەلایەن ئورگانەكانی خوارەوەتر جێبەجێ بكرێ. باسكردن و بڕیاردان لە بەرزترین ئورگانەوە تا خواروترین ئورگان بە كۆمەڵە، تەك پەرەستێ و سەرەڕۆیی لە حیزبدا جێگای نیە. (مادەی هفتم، ساختمان سازمان حزب، برنامە و اساسنامە "حدك" (ئێران) مصوب كنفرانس سوم، م.ق، ص ۲۸. بۆ زانیاری پتر لەم بارەیەوە بڕوانە: (طبری، ۱۳۵۰: ۲۸۳).

[8] لینێن: ڤلادیمێرئیلیچ ئولیانوف (لینین) ۱۸۷۰- ۱۹۲٤ لە بنەماڵەیەكی خۆشبژێوی شاری سیمبێرسك لە ڕووسیا لە دایك بوو، باوكی پشكنەری كاروباری پەروەردەیی بوو. لینێن حزبی بەڵشەفی وەك حیزبێكی بەدیسپلین و پێڕەوی "سانترالیزمی دێموكراتیك" دامەزراند كە لە ساڵی ۱۹۱۷ ناوی گۆڕا بۆ حیزبی كۆمۆنیستی یەكێتیی سۆڤیەت. لەدوای سەركەوتنی شۆڕش لە ئوكتوبەری ۱۹۱۷ بوو بە دامەزرێنەری یەكەم وڵاتی سۆسیالیستی لە جیهاندا (لاوئیسك، ۱۳٦٤:۲۹). بۆ زانیاری پتر لەم بارەیەوە بڕوانە: (دانش:۱۹۷۰: ب.ل).

[٩] كۆڕانی ژمارەیەك لە كادرە بەوەجەكانی "حدك" لە ڕاپەڕینی ١٩٦٧- ١٩٦٨، بەجێهێشتنی كوردستان و نیشتەجێبوونی ئەحمەد تۆفیق لە بەغدا و بەشدارنەبوونی لە كۆنفرانسدا و دواجار دەركردنی لە "حدك" لە بەفرانباری ١٣٥٠ (١٩٧٢ز)، گوڕەپانەكەی بۆ قاسملوو وەك كۆنترین و بە ئەزموونترین كادری "حدك"كە لەم ماوەیەدا لە ئوورووپا بوو و لە زانستی ئابووریدا پلەی دوكتۆرای وەرگرتبوو، فەراهەم كرد تا بە هاوكاری هاوبیرانی وەك حیسامی، سیراجی و ریزوانی بۆچوون و تێڕوانینەكانی خۆی بچەسپێنێ. حەسەنزادە لەم بارەیەوە دەڵێ: "پاش چەند ڕۆژ كێشە و هەرا جەبهەكەی ئێمە (ڕاستی ناسیۆنالیست) كەلێنی تێكەوت، حەسەن ڕەستگار ڕایگەیاند كە من شەڕی قاسملووم پێ ناكرێ و ئەگەر ئێوە لەگەڵی ڕێك ناكەون ئەمن خواحافیز. ئەم بڕیارە هەڵوێستی ئێمەی زۆر لاواز كرد". (حەسەنزادە، ١٩٩٧: ٦٢)؛ ڕۆژنامەی كوردستان، ژمارە ١٢، بەفرانباری ١٣٥٠ (جونیڤێری ١٩٧٣، ل ٢).

[١٠] بەشدارانی كۆبوونەوەكە بریتی بوون لە: عەبدولڕەحمان قاسملوو، كەریمی حسامی و حەمەدەمینی سیراجی لەلایەن "حدك"هوە و ئیرەج ئەسكەندەری، نورئەلدین كیانووری و عەلی گەولایژ هللایەن حیزبی توودەوە وە بەشداری حەسەنی قزڵجی (حیسامی،١٩٩٠: ١٦٣- ١٦٤).

[١١] حیزبی توودە لە ئاراستەی سیاسەتی هێنانی "حدك" بۆ ژێر باڵی خۆی هەر بەدوای ئەم بانگەوازەدا لە بەفرانباری (جونیڤەری) هەمان ساڵدا ١٣٥٤ (١٩٧٦) بە بۆنەی ٣٠ ساڵەی دامەزراندنی كۆماری كوردستان، كۆمیتەی ناوەندی حیزبی توودە لە ڕاگەیەندراوێكدا دەنووسێ: "حیزبی توودە بە ئەركی خۆی دەزانی كە یارمەتی بە زیندووكردنەوەی خەباتكارانی شۆڕشگێری كورد لە ئێران بكات، بە لەبەرچاو گرتنی بنەماكانی كاری نهێنی وە ڕێنوێنییەكانی ڕێكخراوەیی، بە جیا گروپەكانی "حدك" پێك بهێنن، لەگەڵ ناوەندی حیزبی توودە پێوەندی بكەن. (مردم: ١٣٥٤:١٥٠).

[١٢] شێخ عیزەددین حوسێنی: ساڵی ١٩٢١ لە ناوچەی بانە لە دایك بووە، لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی محەمەد ڕەزا شادا بووەتە پێشنوێژ و وتارخوێنی نوێژی هەینیی لە مزگەوتی سوری مەهاباد، هەستی كوردایەتیی بەهێزی هەبووە و ئەندامی كۆمەڵەی (ژ- ك) بووە. بەهۆی ئەو پێگە كۆمەڵایەتی ئایینییەی كە هەیبوو خەڵكێكی زۆری لە دەوری خۆی كۆكردەوە و هەم لە ڕۆژانی خۆپیشـــاندانەكانی شـــاری مەهاباد و هەمیشە لە دوای سەركەوتنی شۆڕش و هەڵەكانی گەلی كورد بۆ بەدەستهێنانی مافەكانی لە چوارچێوەی ڕێژیمی نوێدا ڕۆڵی هەبوو. دژایەتیی خۆی بۆ خومەینی و سیستەمی حوكمرانی فەقیهـــ دەربڕیوە و لەبەرامبەریدا ڕاوەستاوە. بە یەكێك لە هاوكارەكانی "كۆمەڵە" ناسراوە. ڕۆژی ٢٠١١/٢/١١ لە وڵاتی سوید كۆچی دوایی كرد و لە باشووری كوردستان لە گردی سەیوانی سلێمانی بەخاك سپێردراوە. (مەحموود، ٢٠٠٢: ٤٨).

١٣ سۆسیالیزمی خەیاڵی: ماركس و ئەنگلس سۆسیالستەكانی پێش خۆیان بە سۆسیالیستی خەیاڵی ناو دەبرد، چونكە پێیان وابوو لایەنگرای ئەو ئەندێشەیە هەوڵی پێكهێنانی كومەڵگەیەكی ئایدیالیستی دەدەن بێ لەبەرچاوگرتنی یاسامەندیی مێژوو و بەبێ ناسینی پێویستی و ئیمكانیاتی كومەڵگە و ڕوانگەكانیان زۆرتر مرۆڤدۆستانە و ئەخلاقی بوو تا مێژوویی.ماركسیزم بەهێنانەئارای "ماتریالیزمی دیالەكتیك" و "ماتریالیزمی مێژوویی" هەوڵی دەدا تا نیشانی بدا كە سۆسیالیزم بەپێی "جەبری مێژوو" قوناخێكی ناچارییە لەگەشەكردنی فورماسیۆنەكانی كۆمەڵایەتی- ئابووری. سان سیمۆن، شارل فوریە ڕۆبێرت ئووێن لویس بلان لە سیما ناسراوەكانی سۆسیالیزی خەیاڵی بوون. (علیزادە،١٣٧٧: ٢٦٥)؛ (علی بابایی، ١٣٦٩: ٣٨٦).

١٤ لە یەكەم "مەرامنامەی حیزبی توودەی ئێراندا و لە یەكەم مادده لەسەر پاراستنی سەربەخۆیی و سەروەریی ئێران" جەخت كراوەتەوە (نخسین مرامنامه حزب توده ایران، راه توده، شماره ٣٤٧، ١٩ دیماه ١٣٩٠.

١٥ زۆربەی نزیك بە تەواوی پێكهاتەی كۆمەڵایەتیی ئەندامانی ڕێبەریی كۆنگرەی چوارەم ١٣٥٨ (١٩٧٩) "حدكا" ســەر بەچینی مام ناوەند و ڕووناكبیرن، كە ئەمە لە چاو پێكهاتەی كۆمەڵایەتیی ڕێبەری یەكەم كۆنگرەی "حدك" ١٣٢٤ (١٩٥٤ز) كە پتر لەنیوەی تەواوی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب خاوەن زەویی گەورەن و لە چینی دەرەبەگ و سەرۆك عەشیرە و بازرگان پێكهاتبوون، (گەوهەری، ٢٠١١: ١٢٥- ١٢٦)؛ (ئەمین، ١٩٩٣: ٨٣، ٨٤). ئەمە نیشانەی ئاڵوگۆڕی قووڵە لە پێكهاتەی كۆمەڵایەتیی ئەم حیزبەدا. ئەم خشتەیە بەهاوكاری عەبدوڵڵا حەسەن زادە، بەشداربووی كۆنگرەی چوارەم و هەڵبژێردراوی ڕێبەری كۆنگرە، ڕێكخراوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- عەبدولڕەحمان قاسملوو | مامۆستای زانكۆ | ١٤- ئەبوبەكر هیدایەتی | مامۆستا |
| ٢- سادق شەرەفكەندی | مامۆستای زانكۆ | ١٥- جەهانگیر ئیسماعیل زادە | ئەندازیار |
| ٣- حەبیبوڵا عەبباسی | ئەفسەری سوپا | ١٦- ڕەحمان كەریمی | مامۆستا |
| ٤- عەبدوڵڵا حەسەن زادە | ڕووناكبیر | ١٧- ئەحمەد عەزیزی | ڕووناكبیر |
| ٥- جەلیل گادانی | ڕووناكبیر | ١٨- مستەفا شەڵماشی | ڕووناكبیر |
| ٦- مستەفا هیجری | مامۆستا | ١٩- سەید ڕەسول دیهقان | جوتیار |
| ٧- حەسەن ڕەستگار | ڕووناكبیر | ٢٠- كەمال دەباغی | مامۆستا |
| ٨- حوسێن مەدەنی | مامۆستا | ٢١- سەننار مامەدی | سەرۆك عەشیرەت |
| ٩- هاشم كەریمی | مامۆستا | ٢٢- فەوزیە قازی | خانەدار. |
| ١٠- ئەمیر قازی | ڕووناكبیر | ٢٣- غەنی بلوریان | ڕووناكبیر |
| ١١- حەسەن شیوەسەڵی | ڕووناكبیر | ٢٤- فاروق كەیخوسرەوی | ئەندازیار |
| ١٢- قادر عەبدی | مامۆستا | ٢٥- نەوید موعینی | مامۆستا |
| ١٣- ڕەحیم سەیف قازی | مامۆستای زانكۆ | ٢٦- مامۆستا هێمن | ڕووناكبیر |